سودانی: لەم حکومەتە ژنێی پێژە وەستاوەکان کەمیکردووە



سەرۆک وەزیرانی عێراق رایگەیاند" لەم حکومەتە ژنێی پێژە وەستاوەکان کەمیکردووە بە کەمتر لە ٨٥٠ پێژە کە لە هەزاران پێژە دابەزیوە".

محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیرانی عێراق، بەیانی ئەمڕۆ چوارشەممە لە میانی بەشداریکردنی لە دیداری سلەمانی، سەبارەت بە هەبژاردنی خولی شەشەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند" خەم بە هەبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق کاندید دەکەم".

وتیشی" ژێرخانی پڕۆژە وەستاوەکان کەمیکردووە بە کەمتر لە ٨٥٠ پڕۆژە کە لە هەزاران پڕۆژە دابەزیوە".

سەرۆک وەزیرانی عێراق ئاماژەی بەوەشکرد، عێراق پێویستی بە چاکسازی بوێرانە و هەمەلایەنە هەیە، بەهای ڕاستەقینەی هەر چاکسازییەک گەیشتنە بە گروپە هەژار و پەراوێزخراوەکان و ڕزگارکردنیان لە چنگی هەژاری.

سودانی وتیشی" قبوڵ ناکرێت کێبڕکێی سیاسی بگاتە بە بەکارهێنانی زمانی ناوزڕاندن و شاردنەوەی ڕاستییەکان سەبارەت بە ئێدای حکومەت".

دەشێت" دەستمانکردووە بە بەرزترین پلانی بەرهەمهێنان بە دروستکردنی وەستگەی کارەبا و چوونە ناو پڕۆژەکانی وزەی خێر و پاک و نوێبووەوە بە یەکەمجار".

ئاماژەی بۆکرد پێژەمان دەستپێکرد بۆ پڕۆپۆدانی کەرتی نێوت، فراوانکردنی بڕەمەنانی نێوت، و راگرتنی سووتانی غاز بۆ ژێرەی زیاتر لە 70%. تا ساڵی ٢٠٢٨ سوتاندنی غاز بۆ تەواوی دەوستێت.

﷼

سەبارەت بە پێیوەندییەکانی هەرێم و عێراق، سودانی دەڵێت" پێیوەندی نێوان هەولێر و بەغداد دگەڵێت بە پێیوەندییەکی یاسایی و هونەری".

﷼

ڵەبارەی لوتکەی عەرەبیشەوە کە لەبەغدا سازدەکرێت وتیشی: لوتکەی عەرەبی بنەیەکی گرنگە کە شایستەی بەغدایە و بانگهێشتنامەم ئاراستەی سەرکەی سوریا ئەحمەد شەرع، کردووە بۆ بەشداریکردن.

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا رایگەیاند: گەلەکەمان بەرگەی ساڵانێکی دوورودرێژی ستەم و فشاری گرتووە، هەروەها بارگرانی شەڵانگەزی هەگرتووە. ئەمڕۆ، ئەم دەچینە ناو چارەکی دووەمی سەدەی بیست و یەکەمەوە، وەاتەکەمان پێ بووە لە چیرەکی سەرکەوتنی ناوازە لە هەموو گۆشەیەکدا.